# دەرچوون لە بنەماو یاساکانی زمان لە شیعردا

**م. ی. همزه حسين حمه**
**زانکۆی ڕاپەڕین / فاکەڵتی پەروەردە /**
**سکوڵی پەروەردەی زمان / بەشی زمانی کوردی**

## پێشەکی

دەرچوون بریتییە لە شکاندنی یاساکانی دیوی ناوەوەی زمان، کە پەیوەندیەکی پتەویان بە واتاو تێگەیشتنەوە هەیە، دەرچوونی واتایی بە واتای دەرچوون لەو پێوەرانە دێت کە بەیەکەوە هاتنی لێکسیکەکان دیاری دەکەن‌و بە ئاماژەیەکی بە ئەدەبیبوونی شیعریەتی دەق دادەنرێت‌و پەیوەندی خۆی لەگەڵ دەق لەڕێگەی پەیامەوە دەردەبڕێت. کەواتە دەرچوون ئەو کاتە دەبێت کە پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر نەپچڕێ‌و گوێگر توانای شیکردنەوەی هەبێت‌و لە یاساکانی گۆڕانی واتا دەرنەچێت. هەرچی زمانە لە شیعردا زمانێکە خۆی بەو کۆت‌و بەندانە نابەستێتەوە کە لە زمانی ئاسایدا هەیە، هەر لەبەر ئەوەیە هەموو کەس ناتوانێت قسەی پێ بکات‌و شاعیرانە وشە بەکاربهێنێ، بەکارهێنانی هونەرمەندانەی وشە شتێکی باڵاو مەرجی هەرە پێویستی شیعرە.

توێژینەوەکە بە کەرەستەی دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردی نووسراوە، بەڵام لەبەر پێویستی توێژینەوەکە کەرەستەی دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی تێدا بەکارهاتووە.

ڕێبازی توێژینەوەکە ڕێبازی وەسفی شیکارییەو نموونەی شیعرەکان لە دیوانی چەند شاعیرێک وەرگیراون‌و شیکردنەوەیان بۆکراوە.

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لە دوو بەش پێکهاتووە، کە هەر بەشێکیش لە چەند تەوەرەیەک پێکهاتووە. بەمشێوەیە:

بەشی یەکەم لەم تەوەرانە پێکهاتووە: (هەندێ تێبینی تیۆری دەربارەی زمان, زمان و داهێنان، توانست و توانا, واتای فەرهەنگی و واتای مەبەست، زمان

لە شیعردا (ڕەسەنایەتی زمانی مرۆڤ، ڕەسەنایەتیو داهێنانی زمان لە شیعردا).

بەشی دووەم لەم تەوەرانە پێکاتووە: (دەرچوون لە بنەماو یاساکانی زمان لە شیعردا، دەرچوونی ڕێزمانی: (دەرچوونی وشەیی ، دەرچوونی ڕستەیی)، دەرچوونی واتایی: (دەرچوون لە چەندییەتی، دەرچوون لە چۆنیەتی، دەرچوون لە گونجان، دەرچوون لە شێواز)).

## بەشی یەکەم

### ١. هەندێ تێبینی تیۆری دەربارەی زمان:

### ١- ١. زمان و داهێنان:

زمان ڕێگەی ئەوە بە مرۆڤ دەدات، کە لە واقع ڕابکاتو هەستو ئارەزووی خۆی لە قاڵبێکدا دابڕێژێتو زمانێکی تایبەت بە خۆی دروست بکاتو لە یاساو دەستورەکانی زمان لابدات (دزەیی، ٢٠٠٩، ١٣٦)، کە دەکرێت بە داهێنان ناوی ببەین، چونکە یاساکانی زمانی ئاسایی دەبنە ڕێگر لەبەردەم شاعیر.

داهێنان لە زماندا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدە، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەی چۆمسکی دووبارە جەخت لەسەر داهێنانی زمان کرایەوە، کە دەڵێت: (لە توانای قسەکەر دایە ژمارەیەکی زۆر لە ڕستە بەرهەمبهێنێتو تێیان بگات بەبێ ئەوەی پێشتر بەکاریهێنابنو گوێی لێبووبن. کەواتە داهێنان بەرهەمی زمانی مرۆڤە بۆ بەرهەمێنانی خود (ملحم، ٢٠٠٣، ٩). کاتێک شاعیر بە داهێنەر دادەنرێت، کە جیهانێکی تایبەتو جۆرە ئازادییەکی هەبێ، تاوەکو کارە هونەریەکەی بەرهەمبهێنێت (العطیە، ١٩٨٦: ٢٠)، چونکە زمانی ئاسایی ناتوانێت هەموو جۆرە دەربڕینێکی ناوەوە دەربخات. کەواتە زمان لە شیعردا زمانێکی دروستکراوە (عیاد، ١٩٨٨، ٧٢).

### ١- ٢. توانست و توانا:

### ١- ٢- ١. توانست:

توانست بە واتای ئەو زانیارییەی كە قسەكەر هەیەتیو لەبارەی زمانو زگماكی خۆی بەكاریدەهێنێ، وەكو سیستەمی پەیوەندییە فەرمییە ئەبستراكتییەكانو، كاركردنی توانست بۆ ڕەفتاری كرداری بەكاردێنێت. توانست ئەو زانیارییە شاراوەیە كە مرۆڤ دەربارەی زمانەكەی دەیزانیو لەڕێگایەوە گەیاندن دێنێتە ئاراوەو ژمارەیەكی بێ سنور ڕستە دروست دەكات. ڕستە گونجاو و نەگونجاوەكان لێک جیادەكاتەوە كە یاساكانی بەرهەمهێنانی زمان دەگرنەوە، كە هەر لەمنداڵییەوە لە مێشكدا تۆماردەكرێن، سەبارەت بە شاعیریش توانست بریتییە لە بەكارهێنانی توانستی زمان بە ئامانجی گەیاندن لە بارودۆخێكی دیارو داهێنانكردن، واتە بەكارهێنانی یاسا زمانییەكان لە دەوروبەرێكی نوێدا. (دزەیی, ٢٠٠٩، ١٤٠).

هەرچەندە كاراكردنی توانا دەبێت لەتوانستەوە سەرچاوەبگرێتو بۆ ئەو بگەڕێتەوە، بەڵام بە هیچ ڕێگەیەكی ڕاستەوخۆ لەگەڵ توانست هاوتا نییە وەكو زۆربەی لایەنەكانی تری ژیان مەرج نییە مرۆڤ لەسەر بنەمای ئەو شتانەی دەیزانێت ڕەفتار بكات، كارەكانی لە چوارچێوەی بارودۆخی تایبەتی ئاوادا ڕوو دەدەن كە كۆتو بەندی زۆریان دەخرێتە سەر. (جواد, ٢٠٠٨، ٣٥).

**١-٢-٢. توانا:**

توانا بریتییە لە بەرجەستەكردنی توانست لە ئاخاوتندا، بە واتایەكی تر بەكارهێنانی زمان دەگرێتەوە كە پەیوەستە بە پڕاگماتیكو بەرانبەر قسەی سۆسێر دەوەستێت كە بە چالاكییەكی تاكەكەسی دەزانێت، كە هەڵوێستە بنەڕەتییەكانی سۆسێر لەو بەندەدا كۆدەبنەوە:- بریتین لە تێگەیشتنی زمانو كردنەوەی كۆد كە دەكەونە سەر خوێنەرو لێكدانەوەی گونجاون بۆ ڕستە ناپەسەندەكان، تاكو لەگەڵ دەوروبەری گوتنەكە بگونجێن، كە لە لێكدانەوەی زمان لە شیعردا بەدی دەكرێن. (دزەیی، ٢٠٠٩، ١٤٠).

بە بۆچوونی چۆمسكی (توانست) لەگەڵ لەدایكبوونی مرۆڤ لەدایک دەبێتو نابینرێتو ناگوترێتو هەستی پێناكرێت، بەڵكو كۆمەڵێک زانستو زانیارییە كە لەگەڵ لەدایكبوونەوە پەیدا دەبێت، لە توانستدا هەڵە ناكرێت، بەڵام لە توانادا

هەڵە دەکریت، چونکە دەبینریتو هەستی پیدەکریت، لە توانست و توانادا چۆمسکی نموونەیەک لە ژیانی ڕۆژانە دەهێنێتەوە، کە وەک ئەوەیە یەکێک بەشداری خولی فێربوونی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بکات، ئەو کوڕاسەیەی کە لە خولەکەدا وەری دەگریت، هەموو ئەو زانست و زانیارییە دەچێتە بواری توانستەوە، بۆیە هەڵەیان تێدا نییە، لە کاتی جێبەجێکردنیدا مرۆڤ هەڵە دەکات. (خۆشناو, ٢٠١٢، ١٥٠). هەروەها چۆمسکی دەڵێت: منداڵ لەدایک نابێتو مێشکی لاپەڕەیەکی سپی بێت، بەڵکو لەدایک دەبێتو توانستێکی خۆڕسکی هەیە لەسەر فێربوونی هەر زمانێک لە زمانەکانی جیهان. (جواد, ٢٠٠٨، ٩٧).

توانست و توانا لای چۆمسکی هەردووکیان گرنگن، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا گرنگی توانایەکە دەکەوێتە پێش توانست، بۆ نموونە ئەگەر لە دوورگەیەکدا (پیاو و ژنێکی کەڕ و لاڵ) بژین دواتر منداڵێکیان ببێت، ئەوا ئەو منداڵە فێری زمان نابێت یاخود تەنها فێری زمانی هێما دەبێت ئەگەرچی ئەو منداڵە توانستەکەی لەگەڵ لەدایکبووە بۆ ئەوەی فێری زمان بێت، بەڵام لەبەرئەوەی زمان پێویستی بە توانایە بۆئەوەی کردەی قسەکردن دروست بێت، هەر لەبەر ئەوەیە یەکێک لە گریمانەکانی زمان پەیوەستە بەکۆمەڵگا یان لایەنی کۆمەڵایەتییەوە. چۆمسکی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە منداڵ لە توانستدا فێری زمان دەبێت جا ئەو زمانە زمانی کوردی بێت یان هەر زمانێکی تر بێت، بۆ نموونە منداڵێک لە شاری هەولێر لە خێزانێکی کورد لە دایک بێت یەکسەر بگوازرێتەوە بۆ لەندەن، دەبینین ئەو منداڵە بە ئاسانی فێری زمانی ئینگلیزی دەبێت. کەواتە دەتوانین بڵێین منداڵ لەدایک دەبێتو زمانێکی دیاریکراوی پێ دەبەخشرێت، تەنانەت ئەگەر ئەو زمانە زمانی باوک و باپیرانیشی بێت.

### ١- ٣. واتای فەرهەنگی و واتای مەبەست:

#### ١- ٣- ١. واتای فەرهەنگی:

فەرهەنگ جۆرێکە لە جۆرەکانی سەرچاوەی بنەڕەتی، واتە ئەو سەرچاوەیە یان ئەو کتێبەیە، کە زانیاری تێدا تۆماردەکرێت. فەرهەنگ تۆمارگەیەکە، بۆ پاراستنی وشەکانی زمان لە فەوتان، سەرچاوەیەکە بۆ وشەو زاراوەی

زمانێکی دیاریکراو. هەروەها فەرهەنگ پێناسەیەکە، کە کلتورو ڕۆشنبیریو پلەی شارستانیەتیو پێشکەوتوویی ئەو میللەتەی کە بەو زمانە قسە دەکەن پێ دەردەکەوێت. (ئەرکی سەرەکی فەرهەنگ، یارمەتیدانو ناساندنی وشەو پێناسی وشەیە بە کەسانێک کە شارەزایی تەواو، یان هەر ناسیاویان لەگەڵ وشە نییە). یەکێک لە ئەرکە پێویستەکانی زمانی کوردی دانانی فەرهەنگی تایبەت بە بوارە جیاجیاکانی زانستو سروشتو مرۆڤییە، زمانی هەر نەتەوەیەک بە فەرهەنگەکەی هەڵدەسەنگێنرێت. (ئیبراهیم, ٢٠٠٦، ٢٩٣).

لێرەدا بەپێویستی دەزانین کە بایەخ بە واتای فەرهەنگی بدەین، هەروەک چۆن واتاناسەکان گرنگییان پێداوە، چونکە بۆ دۆزینەوەی واتای وشەکان پێویستە لە فەرهەنگدا بۆی بگەڕێین. (هەندێ لە زمانەوانەکان جیاوازی لە نێوان واتای فەرهەنگی و واتای ڕێزمانیدا دەکەن، ئەم جیاوازیەش بۆ دوو کۆمەڵە دابەشدەکەن، کۆمەڵەی داخراو، کە لە زماندا ژمارەیان زۆر کەمە، وەک (ئامرازەکانو ڕێژەی فەرمانو ڕەگەزی ناوەکان ... هتد)، بەڵام کۆمەڵە کراوەکان، یەکە فەرهەنگییەکان پێکدەهێنن، وەک (ناوەکان و کردارەکان ... هتد). وشە لە ڕستەدا مەبەستی سەرەکی دەردەخات، بۆ نموونە: وشە هەیە خۆی واتایەکی هەیە، بەڵام لە شیعردا واتایەکی تری هەیە. وەک: (بۆ) بە واتای (بۆن ، ئامرازی پەیوەندی) دێت. بەمەش واتای فەرهەنگی بریتییە لە واتای وشەکان لەگەڵ کاریگەری ڕێزمانی، کە واتایەکی نەگۆڕو بڵاوە. هەروەها واتای فەرهەنگی ئەو واتا بنجیەیە، کە کۆمەڵ بۆ وشەکانی داناوەو لەسەری ڕێککەوتووە، کە وەسفی بارودۆخی شت دەکاتو بەشێک لە واتای ڕستەی لێ پێکدێت. (دزەیی, ٢٠٠٩، ١٦).

**١- ٣- ٢. واتای مەبەست:**

واتای مەبەست واتایەکی نائاساییەو پابەندی (توانا) و (بنەما)یەو یاسا دەبەزێنێ بۆ واتایەکی قوڵتر تا لێکدانەوەیەکی گونجاو بۆ ڕستە ناپەسەندەکان بکرێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ دەوروبەری گوتنەکە بگونجێ. واتای مەبەست لە دەوروبەر وەردەگیرێت، کە واتاکەی لە دەرەوەی واتای وشەو ڕستەکانەو باس لە زۆر شت دەکات، بەڵام بە ڕاستەوخۆ دەرنابڕێت.

لەبەرئەوە زانیاری پێشتر گرنگییەکی زۆری بۆ تێگەیشتنی ئەو جۆرە واتایە هەیە، چونکە هێماکان بە واتایەکی تر دەردەبڕێن. بەمەش دەبێتە (واتای هۆشەکی + واتایەکی زیادە، کە کەسی لێکدەر دەیخاتە سەری). بۆ لێکدانەوەی ئەوەش پێویستە ڕوو لە بواری پڕاگماتیک بکەین. (هەمان سەرچاوە, ٣٠). بۆنموونە کاتێک دەگوترێ:

چەرمی ڕووی هێندە قایمە شمشێری میسری نایبڕێ

بێ بە کەوشی کەی دەمێنێ تا قیامەت نادڕێ (شێخ ڕەزا, ٢٠٠٦، ١٣٦).

لەم دێڕە شیعرەی سەرەوەدا، شاعیر مەبەستی مرۆڤی ڕوو قایمە، کەواتە واتای سیمانتیکی بریتییە لە: (واتای فەرهەنگی + کاریگەری ڕێزمانی)، بەڵام واتای پڕاگماتیکی لە (واتای سیمانتیکی + دەوروبەر) پێکدێت.

**١– ٤. زمان لە شیعردا:**

بایەخدان بە زمان لە شیعرداو جیاکردنەوەی لە زمانی ئاسایی خەڵکو دیاریکردنی سروشتو خاسیەتە تایبەتییەکانی ئەو زمانە هەر لە کۆنەوە لەلایەن (ئەرستۆ و ئەفلاتون)ەوە باسکراوەو لێی کۆڵراوەتەوە، ئینجا ئەو باسو لێکۆڵینەوانە لەگەڵ سەرهەڵدانی قوتابخانە ئەدەبی و ڕەخنەییەکان پەرەیان سەندووە. (سابیر, ٢٠٠٦، ٢٨١).

زمان لە شیعردا، بابەتێکی وەسفییە، کە هەندێکجار لە چوارچێوەی پەخشاندا دەردەکەوێت، دیارە ئەو جیاوازییە بنەڕەتییەش حوکمێک بەسەر شیعریەت دەدات، کە ئەرکە جەوهەریەکەی لەدەست بدات، جگە لەوەی لە بەهای شیعر کەم دەکاتەوە، هەندێکجاریش لە چوارچێوەی پەخشاندا ناوزەندی دەکات، بەڵام دەبێت جیاوازی لە نێوان بابەتی ئیستاتیکیو کرداری ڕاماندا بکەین، کە ڕامان کردارێکی زانستییە، چونکە چێژ وەرگرتن لە دەق وەکو ناسینەوەی نییە، هەروەها ناسینەوەکەشی وەکو چێژ وەرگرتن نییە، جگە لەوە کارێکی ئاساییە کە بە دوو زمانی جیاواز گوزارشت لەو کردارە بکرێت. (محمود, ٢٠٠٨: ٣٣).

زمان لە شیعردا لە زمانی ئاسایی قسەکردنی خەڵک جیاوازەو بەشێکی زۆری بیروڕاکانیش لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە زمان لە شیعردا زمانێکی

تـایبەتییەو لە ئەنجـامی بەکارهێنـانێکی تـایبەتی زمـانەوە لەلایەن شـاعیرەوە دروسـت دەبێـت بـۆ گەیانـدنی واتـایەکی نـوێی جیـا لە واتـا ئاسـاییە بڵاوەکراوەکەی ناو خەڵک. (سابیر, ٢٠٠٦، ٢٨٣). کەواتە زمان لە شیعردا بە پێچەوانەی زمانی قسەکردنی ڕۆژانەو زمانی چیرۆکو زمانی زانستەکانە. زمان لە شیعردا دیاردەیەکی تەواو ئاڵۆزە، چونکە نە کات (مێژوو)، نە شوێن (جوگرافیا)، نە ڕێزمان، نە یاساکانی واتاسازی، نە ڕێنووس، سنوری بۆ ناکێشێتو لە دەسەڵاتی کەم ناکاتەوە. (فتاح, ٢٠١٠، ١٤١).

شاعیر بێجگە لە زمان هیچی دیکە شک نابات، تا نامەی شیعری خۆی پێدا بنێرێت، بۆیە ناچارە زمان بکاتە پردێک لە نێوان خۆیو وەرگردا بەشێکی گرنگ لەو کەسانەی بە نووسینی شیعرەوە سەرقاڵن لەجیاتی بنیاتنانی پرد خەریکـی ڕۆنـانی دیـوارن، وەک چـۆن ئینسـان لە هەمـوو فەلسـەفەیەک پیرۆزتـرە، هەرواش شـیعر لە هەمـوو بیـرۆکەیەک گرنگتـرە، بەڵام ئەو شـاعیرەی هـیچ شـتێک بە خـوێنەریەوە نایبەسـتێتەوە، ئەوەی دەینووسـێت هەرچییەک بێت شیعر نییە، چونکە شاعیر نابێت خۆی شیعرەکەی خۆی بە شیعر بزانێت، بەڵکو دەبێت شەیدایانی شیعر دەرگای دڵیانی بۆ بکەنەوە. (حەسەن, ٢٠٠٤، ١٢).

ئەگەر یەکێک لە خاسیەتەکانی زمان لە شیعردا ئەوە بێت، کە بەکارهێنانێکی تـایبەتی زمـانیی بێـت لەلایەن شـاعیرەوە، ئەوا چڕکـردنەوەی واتـای شـیعر یەکێکە لەو لایەنە گرنگانەی، کە پەیوەندی بە بەکارهێنانی تایبەتی زمان لە شیعردا هەیە، بەهۆی ئەو تواناو دەسـەڵاتەی شاعیر هەیەتی یارمەتی ئەوەی دەدات کە زمانێکی تایبەت بە جیهانی شیعری خۆی دروست بکاتو لە زمانی ئاسـایی خەڵـک جیـای بکـاتەوە. زمـان بە هەمـوو بەشـەکانییەوە، مـوڵکی خەڵکییەو زمـانی نەتەوەیە، بۆیە هەمـوو کەس بەتەواویو بەسەربەستییەوە مـافی بەکارهێنـانی زمـانی هەیە، بەڵام چڕی واتـا بەخشین بە وشـە لەدەسـت هەموو یەکێک نایەو موڵکی هەموو کەسەکان نییە، بۆیە ئەو زمانە شیعریەی کە شاعیر بەکاریدەهێنێت کۆنەو پێویستی بە دەسـەڵاتو توانـای گەورە هەیە، لەبەر ئەوە ئەو توانـاو دەسـەڵاتەش لای هەمـوو کەسـێک نیـیە،و لەدەسـت

هەمـوو كەس نـایەت بەمشـێوە تـایبەتە زمـان بەكاربهێنێـت، بـۆیە ئەو جـۆرە بەكارهێنـانە بە كـارێكی گـران دادەنرێـتو تـایبەتە بە شـاعیر. (سـابیر, ٢٠٠٦، ٢٩٠).

زمـان لە شـیعردا لای شـاعیرانی كـورد ئامرازێـك بـوو بـۆ وشـیاركردنەوەی كـۆمەڵو میللەتـی كـورد، لەو ڕووەوە حـاجی قـادری كـۆیی یەكەم هەنگـاوی بەرەو شیعری سیاسی و نەتەوایەتی ناوە، كە بۆ خۆی بوارێكی نوێ بووە لە شیعری كوردی كرمـانجی خـوارووداً. (ئیسـماعیل, ٢٠١٠، ٧٥). وەك لەو دێڕە شیعرەدا دیارە:

بەیتەكان عەیبی مەكەن خوارو كەچن

مەقصەدم لەم بەند و باوە دەربـچن (حاجی قادر, ٢٠٠٠، ٤٣).

زمان لە شیعردا لە ڕەخنەكانی (عەلائەدین سـەجادی و شـێخ مـحەمەدی خـاڵ و عەبـدولرەزاق بیمـار و ڕەفیـق حیلمـی و عیـزەدین مسـتەفا ڕەسـوڵ ...)و هەمـوو ڕەخنەگرانی تریشـدا تەنها لەچوارچێوەی فەرهەنگی زمـان گرنگییـان بەوە داوە كە شـاعیر تـا چ ڕادەیەك كـوردییەتی بەكارهێنـاوە ئینجـا قوڵبوونەتەوە ناو هۆكاری سیاسـیو هەسـتە نەتەوایەتییەكانی شـاعیرو تەواو لە شیعرەكەدا دووركەوتوونەتەوە. (ئیبراهیم، ٢٠١٢، ٢٦). هەروەها (ئەرستۆ) زمان لە قسەكردندا لە زمان شیعردای جیاكردۆتەوەو جۆرە تایبەتمەندییەكی داوە بە زمـان لە شـیعردا (عەبـدولڕەحمان بەدەوی) لەم ڕووەوە دەڵـێ: (ئەرستۆ ڕای وایە كە زمـان لە قسـەكردندا لە زمـان لە شـیعردا جیـایەو بـۆ ئەوە دەچێت كە شـاعیر مـافی ئەوەی هەیە كە زمـانێكی تـایبەتی بەكاربهێنێت كە لە زمـانە ئاسـاییە بڵاوەكە دوور بێت). زمـان لای ئەرسـتۆ بـایەخێكی زۆر گەورەی پێدراوەو بە فراوانی باسكراوە، بەپێی مەبەستو جۆری بەكارهێنـانی دیـاریكراوە، (شیعر لە جەوهەریدا دەتوانێ لەڕووی كـارتێكردنی لە ڕەوشـتی خەڵك عەمەلی بێو لە لێكدانەوەی مەنتیقی ڕوداوەكانیشدا زانستی بێت، بۆیە دەتـوانرێ بەپێـی ئامـانجە عەمەلـیو زانسـتییەكانەوە تەماشـا بكرێـت)، ئینجـا جیـاوازی نێـوان هەردووكیـان دیـاری دەكـات، (بنچینـەی جیـاوازی نێـوان بەكارهێنانی زمان بۆ مەبەستێكی زانستی یان مەبەستێكی عەمەلی ئەوەیە كە

لە حاڵەتی یەکەمدا بریتییە لەو پێوەرو بەڵگانەی خاسیەتە چەسپاوەکانی بۆ دیاریدەکات، لە حاڵەتی دووەمدا مەبەست وروژاندنە بۆ ئەنجامدانی کاری چاک، یان دەربڕینی ئامانجەکانی). (سابیر, ٢٠٠٦، ٢٨٢).

**١- ٤- ١. ڕەسەنایەتی زمانی مرۆڤ:**

بەباوەڕی چۆمسکی نەک هەر زمان لە شیعردا بەڵکو هەموو زمانە مرۆڤیەکان ڕەسەنن (فتاح، ٢٠١٠، ٤٠١) لەوەدا کە:

١- بە ژمارەیەکی کەمی دەنگ ژمارەیەکی بێ کۆتا لە وشە و ڕستە بەرهەمدێ.

٢- تا ڕادەیەک سنور بۆ ژمارەی فۆنیم و وشە دادەنرێت، بەڵام بۆ درێژی ڕستەو ژمارەی ڕستە دانانرێت.

٣- بەشێوەیەکی گشتی هەر ڕستەیەک کە بەرهەمدێ ڕستەیەکی نوێیە، جگە لەو ڕستانەی کە لە بۆنەو چاک و چۆنیدا بەکاردێن، کە زۆرجار دووبارە دەبنەوە، وەک: (چۆنی؟ چاکی؟ بەیانیت باش، پیرۆزت بێت، بە دایکی کوڕان بی ... هتد، بەڵام دەبێ تێبینی ئەوە بکرێ کە ئەو دەربڕینانەی کە لە بۆنەو چاک و چۆنیدا بەکاردێن لەچاو بێ سنوری ڕستەکانی تردا ژمارەیان هێندە کەمە کە حیسابیان بۆ ناکرێ. بۆیە دەکرێ بوترێ کە هەموو ڕستەیەک کە دەوترێ یان دەنوسرێ نوێیە.

٤- ئەو ڕستەیەی کە دەوترێ چەند نوێبێت، خوێنەر یان قسەکەر تێی دەگات بە مەرجێک بە زمانی دایک بێت یان هەر زمانێک کە قسەکەر و گوێگر بە باشی بیزانن، هەرچەندە ڕستەکە لەڕووی واتاوە ئاسایی نەبێت (هەمان سەرچاوە، ٤٠٢). بۆنموونە هەموو کوردێک کە زمانی کوردی بزانێ لەم نموونانەی خوارەوە تێدەگات، هەرچەندە نموونەکان لەڕووی واتاوە نا ئاسایین:

- ئەمڕۆ مرۆڤێکی سێ چاوم بینی.
- ژنەکە پیاوێکی بوو.
- منداڵەکان دەفڕن.

لێکدانەوەی ئەو ڕستانە لەلایەن گوێگرەوە کارێکی قورسە، واتە ئەرکێکی زۆرتر دەخەنە سەر گوێگر، چونکە واتاکانیان نائاسایییە، گوێگر سەرەتا ڕەتیان دەکاتەوەو وادەزانێ قسەکەر بە گاڵتە ئەو قسانە دەکات، بەڵام کە بینی قسەکەر بەڕاستییەتی، ئەوکات بەسەریاندا دەچێتەوەو دەوروبەریان بۆ دروست دەکات، یان بارێکیان بۆ دروست دەکات کە ئەو دەربڕینانەی تێدا ئاسایی بن، چونکە ئەو جۆرە ڕستانە لە دنیای منداڵ و فلیمی کارتۆنیدا دەشێ هەبن و لێکدانەوەیان ئاسایی بێت.

**١- ٤- ٢. ڕەسەنایەتیو داهێنانی زمان لە شیعردا:**

ڕەسەنایەتی ئەو میراتەیە کە لەبەر دەستی شاعیر دایە، داهێنان ئەو توانایەیە کە لە ئەنجامی دەستبەردان لەو میراتەوە پەیدادەبێت (خۆشناو و کەریم، ٢٠١٠: ٤٠٤).

شاعیران مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ وشە دەکەنو بەشێوەیەکی ئاسایی بەکاری ناهێنن، بەڵکو بەشێوەیەک بەکاریدێنن، کە جۆرە ئە فسوونێک ببەخشێت (دزەیی، ٢٠٠٩، ١٣٧). شیعر هونەرێکە بە کەرەستەی زمان، لە بواری زماندا ئەنجام دەدرێت، پۆڵ ڤالێری دەڵێت: (زمان لە ئەدەبدا هاوزەمانی کەرەستەیەو کرۆکیشە)، ئەوە زمانی جوانە نالی و گۆرانی بە نەمری هێشتۆتەوە. (حەسەن, ٢٠٠٤، ٦٣).

زمان لە شیعردا زمانێکی سەربەستە و خۆی بە کۆت و بەندەکانی زمانی ئاسایی نابەستێتەوە، هەر لەبەر ئەوەیە هەموو کەس ناتوانێت قسەی پێ بکات. زۆرجار مرۆڤ بیری قوڵ و ورد، لێکدانەوەی بەرز و ئەندێشە و سۆزی ناسکی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێ بیخاتە قاڵبی شیعرەوە، چونکە ناتوانێ شاعیرانە وشە بەکاربهێنێ کە دیارە بەکارهێنانی هونەرمەندانەی وشە بۆ خۆی شتێکی باڵاو مەرجی هەرە پێویستی شیعرە. (سابیر, ٢٠٠٦، ٢٩٣).

هەموو بەکارهێنانێکی زمانی مرۆڤ ڕەسەنایەتی تێدایە لەوەدا هەر زمانێک وەربگرین خاوەنی سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی کەرەستە (ڕستە)یە کە هێشتا بەکارنەهاتوون. فەرهەنگی هەر زمانێک هەرچەندە گەورە بێتو

چەندین هەزار وشەی تێدابێت، هێشتا هەموو وشەکانی زمانەکە ناگرێتە خۆی.

ڕەسەنایەتی تەنها لەوەوە نایەت، کە مرۆڤ یاساکانی زمانەکەی جێبەجێ بکات، بەڵکو هەندێجار ئەو ڕەسەنایەتییە لە ڕێگەی شکاندن و بەزاندنی یاساکانەوە دروست دەبێت، کە باشتر وایە بە داهێنان ناوی ببەین، کەواتە ئەگەر مرۆڤی ئاسایی تەنها توانای ڕەسەنایەتی تێدابێت، ئەوا شاعیر دوو توانای تێدایە: توانای ڕەسەنایەتی کە توانایەکە لە هەموو قسەکەرێکدا هەیەو لە پیادەکردنی تەواوی یاساکانی زمانەکەوە دێت، توانای داهێنان کە لە شکاندنو بەزاندنی یاساکانی زمانەوە دێت بە زۆری لە شاعیردا هەیە (فتاح، ٢٠١٠، ٤٠٣).

## بەشی دووەم

## ٢. دەرچوون لە بنەماو یاساکانی زمان لە شیعردا:

دەرچوون بە واتای دەرچوون لەو سیما واتاییانە دێت کە زاڵن بەسەر بەکارهێنانی لێکسیک لە زمانی خۆکاردا، دەکرێ بڵێین دوو مەرج بۆ دروستی واتایی هەیە، ئەوانیش دروستی لەڕووی لێکدانی ڕێزمانیو لەڕووی واتاوە. (کانەبی, ٢٠٠٩، ٤٠). دەرچوون بریتییە لە شکاندنی یاساکانی دیوی ناوەوەی زمان، کە پەیوەندییەکی پتەویان بە مەبەستو واتاو تێگەیشتنەوە هەیە، واتە نەک واتای سەردەم دەگۆڕێت بەڵکو دەبنە بارو ئەرک بۆ گوێگریش. (فتاح, ٢٠١٠، ٤١٨).

دەرچوون لە بنەماو یاساکانی زمان لە شیعردا هەڵەیەکی ئەنقەستەو بۆ مەبەستی ڕاست گەیاندنێکی دەلالیو تایبەتی بەکاردێت. (محمود, ٢٠٠٩، ١٣١).

ڕۆڵی زمان لە زمانی ئاسایی خەڵکدا تەنها وەک ئامرازو هۆکارێکی گەیاندنە، بەڵام لە شیعردا ڕۆڵی زمان بۆ بەکارهێنانێکی تر دەگۆڕێت، ئەویش بەکارهێنانی هونەرییە، ئەمەش نووسینی ئەدەبی لە نووسینی ئاسایی جیا

دەکاتەوە، ئەو جیاکردنەوەیەش پەیوەندی بە چۆنیەتی بەکارهێنانی کەرەستە ئەدەبییەکان لەلایەن شاعیرەوە هەیە. (ئەحمەد, ٢٠٠٩، ١٨١).

لێرەدا چەند جۆرێکی دەرچوون لە بنەماو یاساکانی زمان لە شیعردا لای هەندێک لە شاعیرانی کورد دەخەینە ڕوو:

**٢- ١. دەرچوونی ڕێزمانی:** ئەمجۆرە دەرچوونە لایەنی ڕێزمانی دەگرێتەوەو دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر، بەمشێوەیە:

**٢- ١- ١. دەرچوونی وشەیی:**

هەندێجار شاعیر بۆ پاراستنی وزەو لکاندنێکی توندوتۆڵ یان لەبەر نەبوونی هەندێ کەرەستەی ئامادە لە زمانەکەدا خۆی وشە دادەتاشێو وشەی نوێ دێنێتە ناو زمانەوە، جا ئەو وشەیە یان دەمێنێتەوەو بڵاودەبێتەوەو دەچێتە ناو فەرهەنگەوە، یان پاش ماوەیەک دەمرێو تەنها لە شیعردا یان چەند شیعرێکدا دەژی (فتاح، ٢٠١٠، ٤١٠).

بەکارهێنانی وشەی نوێباو لە شیعری کوردیدا دیاردەیەکی نوێ نییەو لە کۆنەوە تاکو ئێستا بەردەوامە. بۆنموونە پاشگری (باز) هەندێجار دەبێتە کەرتی دووەمی وشەی لێکدراوی وەک (کۆترباز، جامباز، ... هتد، بەڵام قوبادی جەلیل زادە لە (وڵاتی ڕەژوودا) ئەم سنورە دەبەزێنێت. بەمشێوەیە:

سەربازە ژن بازەکان

دەستگیران بازەکان

دۆست بازەکان

هەتیو بازەکان

ئاژەڵ بازەکان (قوبادی جەلیل زادە، ١٩٩٨: ١٦٢).

لێرەدا شاعیر پاشگری (باز)ی بە هەندێ وشەی وەک (دەستگیران ، ئاژەڵ ، دۆست) ئاشنا کردووە، کە پێشتر لەگەڵیاندا بەکارنەهاتووە.

**٢- ١- ٢. دەرچوونی ڕستەیی:**

بەزاندنی یاساکانی ڕێزمان ئاستی دەرەوەی زمان دەگرێتەوە نەک ئاستی ناوەوە، دەرچوون لە ئاستی دەرەوەدا پەیوەندی بە ڕووخسارەوە هەیە،و

کار لە ناوەرۆکی بەرهەمەکە ناکاتو زیاتر لە هەڵەی ڕێزمانی دەچێو لە شیعری کۆن و نوێدا هەیە فتاح، ٢٠١٠، ٤١٢).
جگە لەوەی شاعیر دەتوانێت کەرەستە سەرەکییەکان تێک بدات، بۆی هەیە هەنگاوێکی لەوە گەورەتر بهاوێژێ وەک گۆڕینی شوێنی دەرخەر و دەرخراو. بۆنموونە هەرچەندە دەرخەر لە (وشەی لێکدراو)دا نەبێ هەموو کات لە دوای دەرخراوەوە دێتو بەهۆی (-ی) خستنەپاڵەوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە (هەمان سەرچاوە). لەو ڕووەوە زێوەر زۆر بوێرانە ئەو یاسایەی شکاندووە، بەمشێوەیە:

فەرهەنگ ڕوو زەنگ موو، عەجەم سیاق ڕووس خوو
ئەناسرێ کە کوردە زوو بە پێچی لار و خوارەوە (زێوەر، ١٩٥٩، ٦٥).

**٢- ٢. دەرچوونی واتایی:**

**٢- ٢- ١. دەرچوون لە چەندییەتی:**

لێرەدا زیاد لە پێویست ئاخاوتنەکە درێژ دەکرێتەوە، یان زیاد لە پێویست کورت دەکرێتەوە، دەتوانین چەند جۆرێکی دەرچوون لە چەندییەتی دیاری بکەین، بەمشێوەیە:

**٢- ٢- ١- ١. کورتبڕی:**

کورتبڕی بریتییە لە دەربڕینی واتای زۆر بە وشەی کەم، بەجۆرێک ئەگەر بێتو وشە واتادارەکان بخەینە تای تەرازووەوە ئەوکات دەبینین ئەو تایەی وشەکانی تێدایە سوکترە لەو تایەی کە واتاکەی تێدایە، بەمەش ئەو تایەی کە واتاکەی تێدایە دادەبەزێتو ئەو تایەی وشەکانی تێدایە سەردەکەوێ، کە تای تەرازووەکە هاوسەنگی لەدەست دەداتو بەرەو لەنگی دەڕوا، کەواتە وشە بەکارهێنراوەکان زۆر کەمترن لەو واتا فراوانەی کە دەیگەیەنێت، بەمشێوەیە بە کەمترین وشە هەوڵ دەدرێت زۆرترین واتا بۆ خوێنەر بگوازرێتەوە، بە واتایەکی تر بەشداری شاعیر زۆر لە پێویست کەمترە، بۆیە خوێنەر هەوڵدەدا سود لەزانیاری دەوروبەری ئەو دەربڕینە وەربگرێت، کە کورتبڕیەکەی تێدایە. نالی دەڵێ:

مەکە ئیخلافی ئەو وەعدەی کە فەرمووت

دەخیلت بم کە خانەی سەبرەکەم سووت

لێرەدا نالی وشەی (سووت)ی جیاتی (سوتا) بەکارهێناوە، بەمەش کورتبڕی دروستبووە.

شێخ محمدی خاڵ دەڵێ: عاقڵ دووجار ناخەڵەتێ.

ئەم چەند وشەیە واتایەکی زۆریان لەخۆگرتووە، ئەویش ئەوەیە، کە پیاوی عاقڵ دەکرێ بە دڵسافی و پاکی خۆیەوە بڕوانێتە خەڵکیو جارێک بخەڵەتێ، بەڵام بۆ جاری دووەم ناتوانرێ هەڵبخەڵەتێنرێ، چونکە لە جاری یەکەم دەرس وەردەگرێو هەرشتێ بێتە پێشەوە لێی ورد دەبێتەوەو بیری لێدەکاتەوەو هەڵی دەسەنگێنێو ئینجا بڕیاری لێدەدات، هەر بڕیارێکیش بەوشێوەیە بێت مرۆڤ هەڵەی تێدا ناکات.

**٢- ٢- ١- ٢. درێژبڕی:**

بریتییە لە دەربڕینی واتایەکی کەم بە وشەیەکی زۆر، بەمجۆرە ئەگەر بێتو وشەکان بخەینە ناو تای تەرازوویەکەوەو واتاکەشیان بخەینە ناو تایەکەی ترەوە دەبینین ئەو تایەی وشەکانی تێدایە دەنیشێتو ئەو تایەی کە واتاکەشی تێدایە بەرز دەبێتەوە، کەواتە وشە بەکارهێنراوەکان زیاترن لەو واتایەی کە دەیگەیەنێت، لە ڕستەیەکدا واتای کەرەستەیەک زیاتر لەجارێک دێت ئەویش لەڕێگای بەکارهێنانی هاوواتاکانی یان ئەو وشانەی کە لە سیمایەکی واتاییدا هاوبەشن، بەمشێوەیە زیاتر جەخت لەسەر بابەتەکە دەکاتو لەمێشکی خوێنەردا دەیچەسپێنێت. (عەبدوڵڵا, ٢٠٠٨، ١٤٤). ئەگەر بەشداری شاعیر زیاد لە پێویست بێت، ئەوا ئەو دەرچوونە لە نەزانییەوە نییەو، بۆ مەبەستێکی قوڵتر بەکارهێنراوە. (دزەیی, ٢٠١٠، ٨٨).

پوش لەلای حەڵوایە هەتاکو پەڵوشەی چنگ کەوێ

بای ئەدا لولی ئەدا قوتی ئەدا مانەندی حووت

(شێخ ڕەزا، ٢٠٠٦، ١٢٨).

شاعیر دەتوانێت بە دێڕێک بڵێت: (ئێسترەکە برسی بوو). (دزەیی, ٢٠٠٩: ١٤٤).

### ٢- ٢- ٢. دەرچوون لە چۆنیەتی:

بـریتییە لەوەی کە ئاخـاوتنەکە لەگەڵ واقیعـدا نەگونجێـت. (عەبـدوڵڵا, ٢٠٠٨، ١٤٤). یان قسەی ناڕاستو بێ بەڵگە دەگرێتەوە، کە لەگەڵ واقیعدا ناگونجێت، کە بەچەند شێوەیەک دەبێت:

٢- ٢- ٢- ١. تـوانج لێـدان: بـریتییە لە بەکارهێنـانی وشـەیەک یـان چەنـد وشەیەک لە شیعردا بەمەبەستی تانەدان لە کەسێک یان لە شتێک کە شاعیر مەبەستییەتی، وەک:

ئاخ لەدەست شۆربای سلێمان چاوشو قاوەی خلە
ئەو دەڵێـی ئـاوی گەڕاوەو ئەم دەڵێـی نەوتـی گـڵە

(شێخ ڕەزا, ٢٠٠٦، ١٣٥).

لێرەدا شاعیر توانج لە (شۆربای سلێمان چاوش) و (قاوەی خلە) دەداتو بە (ئـاوی گەڕاو) و (نەوتـی گـڵ) دەیـان چـوێنێ، کە لەگەڵ واقیعـدا نەگونجـاون. مەبەستی سەرەکی شاعیریش کەمکردنەوەی بەهای ئەو شتانەیە کە باسیان دەکات.

### ٢- ٢- ٢- ٢. خواستن:

بـریتییە لە بەکارهێنـانی وشـەیەک بـۆ دەبڕینـی واتـایەکی تـر بێجگە لە واتـا دروستەکەی خۆی، واتە دەرچوونە لە یاسای زمان، لە پاڵ هەست و سۆزی شاعیرەوە دەردەبڕدرێت.

گەهـ لە باخی سینەدا سەیری دوو نارنجم ئەکرد
گەهـ لە گوڵزاری جەمالی تەماشای یاسەمین

لێرەدا شـاعیر (نـارنج)ی خواسـتووە بـۆ (مەمـک) کە لەشـێوەی خـڕی لەیەک دەچن و (باخی سینە)ش نیشانەیە بۆ ئەم خواستنە.

### ٢- ٢- ٢- ٣. کەمکردنەوە:

بــریتییە لەوەی کە یەکێــک کــارێکی گەورە بکــاتو بەرانــبەرەکەی بچــوکی بکاتەوەو هیچ بەهایەکی بۆ دانەنێت، وەک:

ئەبوزەیـدی دەکـا ڕوحـم لەگەڵ مـاچی دەمـت
ئەمما

دەترسـێم وەک نیشـانم دای بڵێـی هـیچەو
پەشیمانم (حاجی قادر, ٢٠٠٠، ١١٩).

لێـرەدا شـاعیر وا نیشـاندەدات کە کـارێکی گەورەی کـردووە، کەچـی بەرانبەرەکەی لەوانەیە بە کارێکی بچوکی بزانێ، کە ئەویش ئەوەیە کە گیانی وەکو (ئەبوزەید) بۆ ماچی دەمی دەپاڕایەوە، لەوە دەترسێ کە گیانی نیشانی یاردا لەبری ماچەکەی بڵێ بێ نرخەو هیچە.

**٢- ٢- ٢- ٤. وشەکاری:**

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاریو (زیادەڕۆیی)شی پێدەوترێ ئەویش ئەوەیە کاتێک کە شاعیر باسی شتێک دەکات ئەوەندە پێیدا هەڵدەڵێ زۆرجار عەڵ و لۆژیک تەقەبوڵی ناکات. وەک:

بە تەحریکی تەلیکی سەدهەزار نەفسی بەکوشتندا
ڕەئیسی حیللەکارانە شای قوماربازانە، ئەم ڕیشـە
(شێخ ڕەزا, ٢٠٠٦، ١٣٤).

ئەم دێڕە زیادەڕۆییەکی زۆری تێدایە، چونکە بە جوڵانەوەی (تاڵە ڕیشێک) چۆن سەد هەزار کەس بەکوشتن دەچێت. (دزەیی, ٢٠٠٩، ١٤٦).

**٢- ٢- ٣. دەرچوون لە گونجان:**

مەبەست لەوەیە، کە ئەو وشەو دەربڕینانەی شاعیر بەکاریان دێنێت بەپێی کـۆتو ڕێسـاکانی پێکەوەهـاتن نەگـونجێن، واتە دەرچـوون لە گونجـان کەرەستەکان لەسەر تەوەرەی تەکنشینی دادەنێت کە لەگەڵ یەکدا ناگونجێن، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین ئەم جۆرە دەرچوونانە دەستنیشان بکەین.

**٢- ٢- ٣- ١. دژیەک:**

بریتییە لە دوو وشەی واتا دژو پێچەوانەی یەکتر، واتە بەرانبەرکردنی دوو وشـەی دژواتـایە، کە واتـایەکی نـوێ دروسـت دەبێـت، ئەم دژیەکـیە لەنـاو هونەرەکانی ڕەوانبێژی دایەو لە ئاستی دوو وشەدایە.

بە گەرمای هاوین بە سەرمای زستان
تێری و برسیەتی لەلام بوون یەکسان

لێـرەدا شـاعیر دوو وشــەی دژو پــێچەوانەی یەکتــری لە واتــادا هێنــاوەو ڕیزیکردون لەسەر تەوەرەی تەکنشینی.

**٢- ٢- ٣- ٢. بەرانبەری:**

بریتییە لەهێنانەوەی چەند وشـەیەک لە دێڕە شیعرێکدا بەمەرجێک لە چوار وشە کەمتر نەبێ، کە شاعیر دوو وشە لە پێشەوە بێنێ‌و دواتر دوو وشەی تر لە دوای ئەوان بێنێت‌و بەرانبەر وشـەکانی پێشـەوە دایان بنێت، مەرجیش ئەوەیە بەرانـبەریەکە بەڕێکـی بێـت‌و پەیوەنـدی نێـوان وشــەو بەرانبەرەکـان پەیوەندییەکی دژیەک بێت، واتە (بەرانبەری) بەهەمان شێوەی پێچ و پەخشە، بەڵام وشە بەرانبەرەکان دژی یەکترن. نالی دەڵێ:

به هاوین جەستە خەستەی دەردی گەرمام

به زستان دڵ شکستەی بەردی سەرمام

هاوین × زستان دژی یەکترن

گەرما × سەرما دژی یەکترن

**٢- ٢- ٤. دەرچوون لە شێواز:**

بـریتییە لە هێنـانەوەی دوو وشـە یـان زیـاتر لە شـیعردا کە هەمـان شـێوەیان هەبێـت، بەڵام هەریەک لەو وشـانە واتـای جیـاوازی خـۆی هەبێـت. واتە ئەم جــۆرە دەرچــوونەیە کە شــاعیر لە جــۆرێکی دیــاریکراوی شــیعرییەوە دەیگوازێتەوە بۆ جۆرێکی تری بەکارهێنانی زمان لەناو هەمـان دەقدا، جا ئەو گواسـتنەوەیە چ لەڕووی فەرهەنـگەوە بێـت بـۆ نمـوونە: لە وشـەی پەتیـیەوە بەرەو وشەی بێگانە بڕوات یان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بێت وەک ئەوەی لە شێوەی زمانی نووسینەوە بۆ زارۆچکە بڕوات، یان لە شـێوازێکی ئەدەبییەوە بـۆ شـێوازێکی بـازاڕی بـڕوات. (ئیبـڕاهیم, ٢٠١٢، ٦٨). مەبەسـت ئەوەیە ئەو گـوتنەی کە بەکاردێـت ڕوون‌و ئاشـکرا نەبێـت، واتە دەرچـوون لە شـێوازی ڕوون‌و ئاشـکرای زمـانی ئۆتۆماتیـک، هەڵـبەت ئەم تەمـومژیە هەنـدێکجار لە زمـانی ئۆتۆماتیکیشـدا هەیە، بەڵام (لە زمـانی ئۆتۆماتیکـدا بەبـێ مەبەسـتەو قسـەکەر هەوڵـدەدا ئەم تەمـومژیە نەهێڵێـت‌و لە زمـان لە شـیعردا ئەم کـارە مەبەستدارە). (عوبدوڵڵا, ٢٠٠٨، ١٥٦).

دەرچـوون لە شـێواز، ئاخـاوتنەکە بەشـێوازێکی تەمـومژاوی دەردەبڕدرێـت. وەک لە بەکارهێنانی وشەی فرەواتا و هـاوبێژ, کە لە ڕەوانبێژیدا لەژێر ناوی (ڕەگەزدۆزی) بەکاردێت. (دزەیی, ٢٠٠٩، ١٤٧). وەک :

خەتات فەرموو کەخۆشە چین و ماچین

کــە ناچین لێرە, خۆشـە چینی مـاچین (نالی , ١٣٨٨هـ- ٢٧٠٨ک، ٢١).

وشـەی (خۆشـە) لەم دێڕە شیعرەدا هـاوبێژە بە دوو واتـا دێت (خۆشـی) کە بەرانبەرەکەی (ناخۆشییە) و (هێشوو).

لێکۆڵەری بواری شێوازگەری کارەکەی جیاوازە، لەو خاڵەوە دەست پێدەکات کە زمانەوانی کاری تەواو دەبێت، شێوازگەری لە زمانی قسەکردنی ئاسایی دەکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی سنورەکانی ڕوون بکاتەوەو لە زمانی ئەدەبی جیای بکـاتەوە، شـێوازگەری بە قـوڵایی دەقدا شـۆڕ دەبێـتەوە بـۆ ئەوەی پێکهـاتەو وێنەکانی دەربخاتو سروشتی دەروونی خاوەنەکەی ئاشکرا بکات. (هیمداد حوسێن, ٢٠١٠: ٥٨٨). دەرچوون لە شێواز چەند جۆرێکە، وەک لە خوارەوە ئاماژەمان پێکردووون:

**٢- ٢- ٤- ١. پۆشین:**

یەکـێکە لە هونەرەکـانی جوانکـاری واتـایی، بـریتییە لە هێنـانەوەی وشــەیەک لەلایەن شـاعیر کە دوو واتـای هەبێت واتـایەکی دوور و واتـایەکی نزیـک، بـۆ زانینی واتا دوورەکە خوێنەر یان گوێگر پێویستی بە لێکدانەوە هەیە تـاوەکو لە واتاکەی بگات و بۆ واتا نزیکەکەش پێویستە یەکسەر بیزانێت، بەکارهێنـانی پۆشین جوانی خۆی هەیەو دەبێتە هـۆی بەرجەسـتەبوونی زمـانی ئۆتۆمـاتیک، بەمشـێوەیە لەیەک کاتـدا واتـایەک (چەمکێـک) بەبیـری خـوێنەردا دێـت بـۆیە خـوێنەر هەوڵـی گەیشـتن بە چەمکـی مەبەسـت دەداتو هەسـت بەخۆشـی دەکات. (عەبدوڵڵا, ٢٠٠٨، ١٥٥). وەک:

بۆ کەرێ ئیعلانی حەربی کرد لەگەڵمان شێخ حەسەن

سەیری کەن یاران چ گۆبەندێکی گیڕا ئەو کەرە

(شێخ ڕەزا, ٢٠٠٦، ١٥٤).

وشـــەی (کەر) واتـــا نـــزیکەکەی بـــریتییە لە (گوێـــدرێژ) و واتـــا دوورەکەی مەبەستی پێ لە (شێخ حەسەن)ە.

**٢- ٢- ٤- ٢. درکە:**

بریتییە لەوەی کە ڕاستەوخۆ ناوی شتێک نەبەی، بەڵکو ناوی شتێک ببەی کە پەیوەندی بە واتای یەکەمەوە هەبێت، واتە بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەک یان ڕستەیەک بەجۆرێک کە واتایەکی تازە ببەخشێت، هەروەک لە خوازەدا بەرچاو دەکەوێت، کەواتە درکە ڕستەیەکە یاخود ڕۆنانێکە کە بە مەبەستی واتای سەرەوە نەیەت، بەڵکو واتایەکی تری هەبێت، لەهەمان کاتدا هیچ شتێک نییە کە بڵێی واتای سەرەوە نییە، بۆیە (درکە بە جۆرێک لە پۆشین دادەنرێت، بەڵام درکە لە زمانی ئۆتۆماتیکییەوە دەچێتە ناو زمانی شیعر). (عەبدوڵڵا, ٢٠٠٨، ١٥٦). وەک:

نەخلـــــی باڵات نەوبەرەیە، تازە شکۆفـــەی کردووە

تـــۆ کە بـــۆی شـــیرت لەدەم دێـــت، ئەم مەمەت کەی کـــردووە

(نالی، ١٣٨٨- ٢٧٠٨ک، ٣٦).

نـالی لەم دێـڕە شـیعرەدا باسـی سـیفەتێک دەکـات، بەڵام مەبەسـتی خـودی شتەکەیە. (بۆی شیرت لە دەم دێت) ئاماژەیە بۆ منالی کەسەکە.

## ئەنجام

١- زمان لە شیعردا زمانێکی سەربەستە و خۆی بە کۆت و بەندەکانی زمانی ئاسایی نابەستێتەوە، زمانی ویژدانو هەستەو لایەنی خودی مرۆڤ تیایدا ڕەنگ دەداتەوە، هەر لەبەر ئەوەیە هەموو کەس ناتوانێت قسەی پێ بکات.

٢- دەرچوون لە بنەماو یاساکانی زمان لە شیعردا هەڵەیەکی ئەنقەستەو بۆ مەبەستی ڕاست گەیاندنێکی دەلالیو تایبەتی بەکاردێت.

٣- زمان لە شیعردا لە زمانی ئاسایی خەڵک جیایە، چونکە ڕۆڵی زمان لە زمـانی ئاسـایی خەڵکـدا تەنهـا وەک ئـامرازو هۆکـارێکی گەیانـدنە، بەڵام لە شـیعردا ڕۆڵـی زمـان بـۆ بەکارهێنـانێکی تـر دەگۆڕێت، ئەویـش بەکارهێنـانی هونەرییە، ئەمەش نووسینی ئەدەبی لە نووسینی ئاسایی جیا دەکاتەوە، ئەو

جیاكردنەوەیەش پەیوەندی بە چۆنیەتی بەكارهێنانی كەرەستە ئەدەبییەكان لەلایەن شاعیرەوە هەیە.
٤- زمان بە گشتی موڵكی خەڵكیەو زمانی نەتەوەیە، بۆیە هەموو كەس مافی بەكارهێنانی هەیە، بەڵام زۆری واتا بەخشین بە وشە لەدەست هەموو یەكێك نایەو موڵكی هەموو كەسێك نییە، ئەو زمانە شاعیر لە شیعردا بەكاریدەهێنێت پێویستی بە توانای زۆر هەیە، لەبەر ئەوە ئەو توانایەش لای هەموو كەسێك نییە، لەدەست هەموو كەس نایەت بەمشێوە تایبەتە زمان بەكاربهێنێت، بۆیە ئەو جۆرە بەكارهێنانە بە كارێكی گران دادەنرێتو تایبەتە بە شاعیر.

## سەرچاوەكان

**یەكەم: سەرچاوە كوردییەكان:**

**أ- كتێب:**


١- ئەحمەد, پەخشان عەلی، (٢٠٠٩)، شێوازی شیعری گۆران, چاپی یەكەم، سلێمانی.
٢- ئیبراهیم, محەمەد عەبدولكەریم، (٢٠١٢)، پێكهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە, چاپی یەكەم، هەولێر.
٣- ئیسماعیل, نەسرین ڕەئوف، (٢٠١٠)، ئەركی شیعر لە ئەدەبی كوردیدا, چاپی یەكەم, هەولێر.
٤- جواد, هۆشەنگ فاروق، (٢٠٠٨)، سەرەتایەك بۆ زمانەوانی, چاپی یەكەم, دهۆك.
٥- حەسەن, حەمە سەعید، (٢٠٠٤)، قوڵپی پێكەنین, چاپی یەكەم، هەولێر.
٦- حوسێن, هیمداد، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی كوردی, هەولێر، چاپی یەكەم، ٢٠١٠.
٧- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا, (٢٠١٢)، ڕستەسازی, چاپی یەكەم, هەولێر.
٨- دزەیی, عەبدولواحید موشیر، (٢٠٠٩)، واتاسازی (چەند لێكۆڵینەوەیەكی سیمانتیكی و پڕاگماتیكییە), چاپی یەكەم، هەولێر.

٩- دزەیی, عەبدولواحید موشیر، (٢٠١٠)، زانستی پراگماتیک, چاپی یەكەم, هەولێر.
١٠- سابیر, پەرێز، (٢٠٠٦)، رەخنەی ئەدەبی كوردی مەسەلەكانی نوێكردنەوەی شیعر, چاپی یەكەم, هەولێر.
١١- عەبدوڵلا، عەبدولسەلام نەجمەدین, (٢٠٠٨)، شیكردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەوانیەوە, چاپی یەكەم، هەولێر.
١٢- فتاح، محمد معروف، (٢٠١٠)، لیكۆڵینەوە زمانەوانیەكان، كۆكردنەوەو ئامادەكردنی: شیروان حسین خۆشناو و شیروان میرزا قادر، چاپی یەكەم، هەولێر.
١٣- كانەبی, دلێر صادق، (٢٠٠٩)، هەندێک لادانی زمانیی لای سێ شاعیری نوێخوازی كورد (ئەنوەر مەسیفی, نەوزاد ڕەفعەت, فەرهاد پیربال), چاپی یەكەم, هەولێر.
١٤- مەحمود, ئازاد ئەحمەد، (٢٠٠٩)، بونیادی زمان لە شیعری هاوچەرخی كوردیدا, چاپی یەكەم، هەولێر.

**ب- دیوانەكان .:**

١٥- حاجی قادر, (دیوان)، (٢٠٠٠)، چاپی یەكەم, سلێمانی.
١٦- زێوەر (دیوان)، ١٩٥٩.
١٧- شێخ ڕەزا, (دیوان)، (٢٠٠٦)، چاپی یەكەم, هەولێر.
١٨- نالی, (دیوان), (١٣٨٨هـ – ٢٧٠٨ ک)، چاپی یەكەم.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی:**

١٩- العطية، خليل ابراهيم، (١٩٨٦)، التركيب اللغوي لشيعر السياب، دار الشؤن الپقافية العامة.
٢٠- عياد، شكرى محمد، (١٩٨٨)، اللغة الابداع، مبادي علم الاسلوب العربي.
٢١- ملحم، اسماعيل، (٢٠٠٣)، التجربة الابداعية، دراسته فى سيكولوجية الاتصال والابداع، ديمشق.

## الملخص

## الانزياح الدلالى في اللغة الشعرية

الانزياح الدلالى عبارة عن خرق القوانين الداخلية للغة, والتي لها علاقة وطيدة بالمعنى والفهم, اذن يتحقق الانزياح عندما لاتنقطع علاقة بين المتكلم والمخاطب حيث يستطيع المخاطب التحليل دون الخروج من قوانين تغير المعنى.

هذا البحث عدا المقدمه والنتائج, يتكون من فصلين، بالشكل التالى:

الفصل الاول، يتكون من: (ملاحظات عن اللغة, اللغة والابداع، الموهبة والقدرة، اللغة الشعرية (اصالة اللغة الشعرية، الاصالة و الابداع اللغة الشعرية، ، القدر والفعاليه فى اللغة، درجات الانزياح و خرق القانون، المعنى المعجمي والمعنى القصدي).

الفصل الثانى، يتكون من: (الانزياح الدلالى في اللغه الشعرية، الانزياح الكميه، الانزياح من حيث الكميه، الانزياح النحوي (من حيث الجملة، الانزياح المعنوي، الانزياح الكمي، الانزياح كيفي، الانزياح المنطقي والانزياح الاسلوبي).

## Abstract

## Deviation from the Principles of Poetic Language

Deviation is the violation of the rules of language that have a great relation with meaning. It exists when there is the relationship between the speaker and the listener, the listener should have the ability of decoding and he should not violate the rules of meaning change. In addition to the introduction, and conclusion, this research comprises of two major parts:

The first part includes some theoretical aspects of language, language and invention, poetic language (authenticity of human language, authenticity and invention in the poetic language, degrees of violation) and denotative and connotative meanings.

The second part deals with the deviation from the principles of poetic language (lexical, syntactic and semantic), qualitative and quantitative deviation, agreement deviation, and stylistic deviation.